# دەستوری ڕەش و منالآنی هەڵەبجە

هیدایەت مەلا عەلی

2005/8/21

ناسراوێکمان ئەم ماوەیە هەواڵی ئەوەی پێ ڕاگەیاندم کە پلەسێیشنێکی بۆ منالەکەی کڕیووە , منیش دەست خۆشیم لێکردو هیوام خواست منالآن دەستیان ڕابگات بە تەواوی ماف و خواستە ئینسانی و منالآنەکانی خۆیان . تاکو ئێرە کارەکە ئاسایەو هەرکەس ئەم هەواڵە ببیستێ دڵی خۆش دەبێت و هەست دەکات منالێك لە جیاتی ناو خۆڵ و تەپوتۆز بەشێك لە کاتەکانی لە گەڵ یاریەك بەسەر دەبات پاك و خاوێن و ئارامە , بەلآم ئەوەی کارەساتە هەواڵەکانی دوای ئەم هەواڵەیە کە من بۆ خۆم کە گوێم لێبوو چەند چرکەیەك بێدەنگی و سەرسامی داگیری کردم .

ناسراوەکەمان ووتی لەو ڕۆژەوەی ئەو یاریەمان بۆ منالەکەمان کڕیووە بەردەمی ماڵ و هەیوانەکەمان ئەڵێی مزگەووتە , منالآن بە ڕیز وەستاون و چاوی حەزو ئارەزوویان بڕیووەتە ئەو یاریەی لە ماڵەکانی هەموویاندا نییە پاشان ناسیاوەکەمان ووتی بە منالەکانم ووتووە خۆ منالەکەی من ئەو یاریە نادات بە دەستانەوە ئیتر چاوەڕوانی چی ئەکەن , منالەکان هەموویان وەك ئەوەی بۆ ووتنی گۆرانی خۆیان ئامادە کردبێت ووتیان" قەیناکات تەنها سەیری دەکەین " ئەم ڕستەیە زۆر گرانە و تەعبیرە لە ژیان و چارەنووسی نەوەیەك کە کۆمەڵگا چاوەڕێیان دەکات , بەکار هێنانی ناوی مزگەووت لە تەعبیری ناسراوەکەمان لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە منالآن لە مانگی ڕەمەزاندا بەهۆی ئەوەی شیرینی و ناوساجی دابەش دەکرێت ژمارەیەکی زۆریان ڕوو لە بەردەم مزگەووتەکان دەکەن , لە لایەکی ترەوە بەهۆی ئەوەی ئەحزابی دەسەلآتدار هیچ پرۆژەو وەلآمێکی پەروەردەی و ئینسانیانەی بۆ منالآن نەبووەو پشت گووێی خستوون دەستەوتاقمی ئیسلامی و منال کڕەکان مزگەووتەکانیان کردووە بە جێگای یاری و فریودان و مووچە وەرگرتن . ئەوەشی کە من ناوی منالآنی هەڵەبجەم ناوە لە بابەتەکەم هیچ دەمارگیرێکی تێدا نییە ,من تەنها دەمارگیری ئینسانیم هەیەو منالێك لەتاران ,هەڵەبجە, و نەیجیریا بۆ من وەك یەك وایە , بەلآم منالآنی هەڵەبجە لە هەموو منالآنی تر زیاتر وەعدە و بەڵێنی سیاسیە بازرگانەکانی کوردوستانیان پێدراوەو سەر ئەنجام ئەوەتا منالآنی هەڵەبجە مووحتاجن بە سەیری پلەسێشن و خواردنەوی ئاوی پاك .

بەعس تا دەسەلآتی ڕەشی بەسەر خەڵکدا شکا منالآنی وەك ئینسان سەیر نەدەکرد , کاتێك لە ڕۆژانی پێنج شەممەدا ئالآ بەرز دەکرایەوە سیخوڕەکانی بەعس دەهاتن و تەقەیان دەکرد بۆ ئەوەی هەر لە منالیەوە منالآن لە گەڵ جەنگ و تەقەو ترس و لەرزدا ڕابهێنێت ,بەعس نەیدەوویست خوێندکار پەروەردە و گەورە بکات بە پێچەوانەوە دەیوویست سەربازێکی بچووك بۆ جەنگێکی درێژ خایەن ئامادە بکات . زیاتر لە 14 ساڵیشە دەسەلآتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد هەمان قەوان و بەرنامە دووبارە دەکاتەوە و کار دەکات لەسەر ووردو خاش کردنی ئیرادەو تواناکانی منالآن و , ئامادە نییە سەرەتایترین ئالوگۆڕ لە ژیان و گوزەران و سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا بکات و ئەو فرسەتە بدات بە منالآن کە وەك ئینسان بژین , وەك منال گەورەبن , بازرگانیان پێوە نەکرێت و نەچەوسێنرێنەوە . هەر ئێستا خوێندنگا , شەقام , کۆلآن , بازاڕ , خێزان , مەیدانی کار , یاسا , هەموویان ئەو بێمافیانە نیشان دەدەن کە لە سایەی دەسەلآتدارانی کوردوستان بە نسیبیان بووە . زۆر نییە منالێك بەهۆی یاریکردن لە کایانی ماڵەکەیاندا کە کایانەکە گڕ دەگرێت منالەکە دەسووتێت و گیان لە دەست دەدات , لە کام یاسا و دەسەلآت و دنیادا منال لە کایاندا یاری کردووە , هەر دەسەلآتێك کایان بۆ منالآن نەکاتە باجچەی ساوایان و جێگای یاری و بەسەر بردنی کاتە پڕ بایەخەکانی ژیانیان مایەی نەفرەتەو دەبێت بڕوات .

دوو ساڵ زیاترە سەراسەری عێراق لە لایەن دەستەوتاقمی ئیسلامی و قەومی و سەرۆك عەشرەتەوە بەڕیوە دەبرێت و ئەو دۆزەخەی پێشتر بۆ منالآن داخرابوو ئێستا بەنزینی زیاتری بەسەردا کراوە و ئاگرەکەی ڕۆژانە ژیانی پەپوولەیی سەدان منال دەسوتێنی بە مەرگ یاخوود بە چەوساندنەوە . ئەو منالآنەی شەو لەسەر شەقامەکان دەخەون لە بەغداد و بە سیکۆتین خۆیان خەیاڵ دەکەن دەریدەخات منالآن ڕووبەڕووی چ واقیعەتێك بوونەتەوە , لەسایەی هەلومەرجی سەختی سیاسی و کۆمەلآیەتی ئێستای عێراق ئەو منالآنەش کە جێگایەکیان دەستکەوتووە بۆ مانەوە لەلایەن ئەو دەزگایانەی بە حیساب کۆمەك بە منالآن دەکەن دۆزەخێکی ترەو تەحەموول ناکرێت . ئەم ماوەیە ڕیپۆرتاژێکم بینی لەسەر کۆمەڵێك منال لە تەلەفزیۆنی شەرقیەوە لە شاری مووسڵ کە لە جێگایەك دەژیان وەك خانەی بەخێوکردن و سەرپەرشتی کردن , کاتێك منالەکان بە کچ و کوڕیانەوە قسەیان دەکرد ئەگەر ڕەنگی تەلەفزیۆنەکەت ڕەش بکردایە و گوێت لە سروود و قسەکانیان بووایە هەستت دەکرد ئەو کەسانەی قسە دەکەن یان مەلان یان دەرچووی کۆلیژی شەریعەن , ئەمەش ڕۆژ ڕەشی و چارەنووسێکی نادیاری منالآنە لە سایەی ئەو دەسەلآتە ڕەشەدا . لە کاتێکدا منالآن بەم جۆرە ژیان دەکەن سەرانی ئەحزابی قەومی کورد و عەرەب و دەستە وتاقمی ئیسلامی خەریکی داڕشتنی دەستوریکن و , هەرلایەکیان ئەیانەوێت بزانن لەو دەستورەدا فیدراڵی چەند مەترە , ئیسلام چەند کیلۆیە , شۆڤێنیەت چەند واتە , ئەم دەستورە قسەیەکی تێدا نییە لەسەر ژیان و چارەنووسی ئینسانی خەڵك بە گشتی و منالآن بە تایبەتی , ئەم دەستورە عەقدی ڕۆژ ڕەشی و زەمینە ساز کردنە بۆ شەڕێکی خوێناوی کە سەرەتاکەی

دەرکەوتووە , دەستورێك ئەگەر وەڵامی ئەم ڕستەیەی منالانی هەڵەبجە نەداتەوە ئەبێت بەر نەفرەتی خەڵك بکەوێت " **قەیناکات تەنها هەر سەیری دەکەین** "